
# ئەو پرۆژەیەی بۆ چاکسازی بڕیاری لەسەر دەدرێت هەرکەس پێی رازی نەبێت نابێت لەناو یەکێتیدا بمێنێت




● یەکێتی نیشتمانی کوردستان کە سکرتێرەکەی یەکەم کوردە لوتکەی دەسەڵاتی عێراقی بە دەستەوەگرتووە، ئەمڕۆ بارودۆخی ناوخۆی تووشی حاڵەتی دەستەگەریەکی قوڵ بووە، بۆ دەرباز بوون لەو بارە و چاککردنی دۆخی ناوخۆی حیزب و حکومەت شارۆیەك پرۆژەی چاکسازی خراونەتە بەردەم مەکتەبی سیاسی و سکرتێری گشتی ئەم حیزبەوە.

بۆ زانینی چۆنێتی پەیدابوونی ئەو پرۆژانە و ئەو ئاکامەی لێیان دەکەوێتەوە، گۆڤاری لڤین بەڕێز (د. کەمال فوئاد)ی ئەندامی دەستەی کارگێڕی (ی.ن.ك) دواندوە بو سیفەتەی کە بەڕێزی یەکێکە لەو سەرکردە مەدەنیانەی (ی.ن.ك) کە ماوەی (30) ساڵە لە ناوەندی باڵای بڕیاردانی یەکێتی دایە. لە نزیکەوە ئاگاداری دوا ڕەوتی گۆڕانەکانە .

دیداری لڤین - هەولێر

**لڤین:** لەماوەی ڕابردوودا کۆمەڵێك پرۆژە پێشکەشی مەکتەبی سیاسی کران، هەندێکیان لەلایەن چەند ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی و هەندێکی دیکەیان لەلایەن کۆمەڵێك کادری پێشکەوتووی حیزبەوە بوون، ئەم پرۆژانە لە چییەوە سەرچاوەیان گرتووە؟ ئایا بارودۆخی ناوخۆی یەکێتی وایلێهاتووە بێتە سەر ڕوپەڕی ڕۆژنامە و شاشەی تەلەفزیۆنەکان؟

**د. کەمال فوئاد:** ئەوی ڕاستی بێ ئێمە خۆمان داوامان لە کادرو کۆمیتە و مەڵبەندەکان کرد کە کۆببنەوەو سەرنج و تێبینییەکانی

خۆیان بنێرن چ لەسەر باری ناو یەکێتی چ لەسەر حکومەت کە لە ئیدارەی سلێمانی یەکێتی لێی بەرپرسیارە. بۆ ئەو مەبەستە چەندین کۆبوونەوە کرا ، دوای ئەوە چەند پرۆژەیەکمان بۆهات کە بریتیی بوون لە کۆمەڵێك پێشنیاز ، بە مەبەستی چاکسازی لە دامو دەزگاکانی یەکێتیو حکومەتدا . ئیتر بوو بەباو هەر دوو سێ کەس کۆئەبوونەوە پرۆژەیەکیان پێشکەش ئەکرد و پرۆژەی واش هەبوو لە تاکە کەسێکەوە هاتبوو. بڕیارماندا ئێمە سەیری ئەو پرۆژانە بکەین کە لەلایەن دامودەزگاکانی خۆمانەوە یان لەلایەن کۆمەڵێك خەڵکەوە هاتبوون بێ ئەوەی هیچ یەکێك لەو پرۆژانە پشتگوێ بخەین . بۆنموونە مەکتەبی ڕێکخستن کۆبوونەوەی لەگەڵ هەموو ئۆرگانەکانی ڕێکخستندا کردبوو ، ئەو بیروڕایەی کە پێشکەشیان کردبوو بیروڕای زیاتر لە هەزار کادری یەکێتی بوو. سەرەڕای ئەوە کۆمەڵێك لە کادرو لێپرسراوان چەند پرۆژەیەکیان پێشکەش کرد بوو. سەرەڕای ئەوەش هی وا هەبوو خۆی بە تەنیا پرۆژەیەکی ئەنارد .

بەمجۆرە کۆمەڵێك پرۆژەی زۆروبۆرەوە هەمووی بەنیازی چاکسازیو پڕکردنەوەی ئەو ناتەواویانەی لەسەر ئاستی حزبیو حکومی هەن. مانای ئەوە نییە کە ئەو سەرنج و تێبینیانە هەموویان ڕاستو گونجاون، پرۆژەی وای تێدایە ئەگەر جێبەجێ بکرێت باروەۆخی یەکێتی بەرەو باشی ئەبات ، هەندێکی تر بە نیازێکی پاك نووسرابوون بۆ چارەسەریی کەم و کوڕییەکان ، بەڵام بۆچوونەکان هەڵەبوونو لەگەڵ بارودۆخی ئێستا ناگونجێن . بەکورتی پوختەی بیروڕاکان ئەوەی ئەگرتەوە کە پەیڕەوی ناوخۆ بە باشی جێبەجێ بکرێتو ئەو پێشێلکاریانەی کراون نەمێنێ.

**لڤین: دەکرێت بپرسین ئەو پرۆژانە ئەنجامی پلانی مەکتەبی سیاسی خۆی بوون یان لە ئەنجامی ئەو کێشانەوە سەرچاوەی گرت کە لەناو یەکێتیدا هەن؟**

**د. کەمال فوئاد:** مەکتەبی سیاسی هیچ لارییەکی نەبوو لەسەر نووسینو پێشکەشکردنی ئەو پرۆژانە ، بەڵام یەکێك لە کێشە هەرە گەورەکان ئەوەیە کە دەستگەری لەناو ڕیزەکانی یەکێتیدا هەیە ، بۆیە دەستگەری لە پرۆژەکانیشدا ئەبینرێت . ئێمە سەیری پرۆژەکانمان کردو کۆمیتەیەکی حەوت کەسیمان دانا بۆ لێکۆڵینەوە لە پرۆژەکانو بژار کردنی، ئەوەی بە کەڵك بێت وەربگیرێت ئەوەی بە کەڵك نەیەت لابرێت . دواجار گەیشتینە ئەو ئەنجامە کە پەیڕەوی ناوخۆ بە باشی جێبەجێ بکرێتو ئەو لادانانەی کە جێبەجێکردنیان هەیە نەمێنێت . زوربەی ئەو کێشانەش کە دروست بوون چارەسەرکردنەکەی بەرەو ڕووی حکوومەت ئەبێتەوە ، چونکە حکوومەت خاوەن دەسەڵاتە ، بێگومان خەتای کادر و لێپرسراوەکانی یەکێتیشی تێدایە . بەکورتی ئێستا پرۆژەکان گەیشتوونە ئەو قۆناغە کە یەکدوو کۆبوونەوەی تر بکرێتو بڕیاریان لەسەر بدرێت . من هیوام وایە لە هەفتەی داهاتووتردا کۆبوونەوەیەك بکرێت، پاش ئەوە پرۆژەیەکی یەکگرتوو بچێتە بەردەم سکرتێری گشتیو مەکتەبی سیاسی بۆ ئەوەی بڕیاری لەسەر بدەنو بڵاوی بکەنەوە . لەو بارەیەوە حەزئەکەم بڵێم هەر پرۆژەیەك کە تا ئێستا بەناوی پرۆژەی چاکسازییەوە بڵاوکراوەتەوە ، هیچیان دوا پرۆژە نین، ئێستا دووسێ پرۆژە ماون کە ئەبێت پاکنووس بکرێن و موتوربە بکرێن، هەرکاتێك گەیشتینە ئەنجام و پرۆژەیەکی یەکگرتووی لێ هاتە بەرهەمو چووە بەردەمی سکرتێری گشتیو مەکتەبی سیاسی و بڕیاری لەسەردرا ئەو کاتە لەناو دام و دەزگاکانی حیزبدا جێبەجێ ئەکرێتو لە ناو حکوومەتیشدا هەوڵی جێبەجێکردنی ئەدرێت .

**لڤین: ئەگەر واقیعبین بین، تاچەند بۆ خۆت گەشبینیت بەوەی کە ئەم پرۆژەی چاکسازییەی کە دواجار لەلای ئێوە گەڵاڵە دەبێت بتوانێت چارەسەری کێشەکانی ناو یەکێتی بکات؟**

**د. کەمال فوئاد:** ئەگەر مرۆڤ گەشبین نەبێت نابێت سیاسەت بکات، خۆم گەشبینم بەوەی کەوا ئەنجامی باشی ئەبێت، پێویستە هەوڵبدەین جێبەجێ بکرێت، ڕەنگە لە ڕێگەی جێبەجێ کردنیدا کۆسپو تەگەرە بێتە پێشەوە، ئەبێت هەوڵبدەین نەیهێڵین . من ناڵێم ئەمڕۆ تا سبەی هەمووی جێبەجێ ئەکرێ ، بێگومان ماوەیەکی ئەوێت . ئەو کێشانەی لە ساڵانی ڕابردوودا کەڵەکەبوون ، ناتوانرێت لە شەو ڕۆژێکدا لابریت ، پێویستی بە کات هەیە . ئێمە بڕیارمان داوە کە ئەو پرۆژەیەی پەسەند ئەکرێ، هەموومان دڵسۆزانە هەوڵی جێبەجێ کردنی بدەین . ئەو کەسەی بووە کۆسپ لە ڕێگەی جێبەجێکردنیدا لە لێپرسراوێتی لابرێتو خاتری هیچ کەسێك نەگیرێت.

**لڤین: ترسی ئەوە نییە لە ئاکامی جێبەجێ نەکردنی ئەو پرۆژانەدا کە پێشنیارکراون، یەکێتی بەرەو کەرت بوون و جیابوونەوە بچێت، بەتایبەتی وەکو دەزانین هەندێك لەوانەی پرۆژەیان پێشکەشکردووە کەسی دووەم و سێیەمی یەکێتین؟**

**د. کەمال فوئاد:** بڕواناکەم لەناو یەکێتیدا کەسێك هەبێ بیر لە جیابوونەوە بکاتەوە، بەڵام بۆ چوونە دەرەوە لە ڕیزەکانی یەکێتی هەموو کەس ئازادە ، ئەو پرۆژەیەی بڕیاری لەسەر ئەدرێ ئەبێ جێبەجێ بکرێت . ئەوی ڕازی نەبوو نابێت لەناو یەکێتیدا بمێنێ، لەوانەیە هەر خۆی بڕوات، بەڵام ئاراستە بەرەو جیابوونەوە نییە، بەڵکو هەوڵدانە بۆ ئەوەی تا کاتی کۆنگرەی سێیەم ئەوەندەی لە تواناداهەیە جێبەجێ بکرێت ، ئەوی لە توانادا نەبوو ئەبێ لە کۆنگرەدا ڕێگەچارەیەکی بۆ بدۆزرێتەوە . جیابوونەوە کێشەکان چارەسەر ناکات ، بەڵکو زیاتر ئاڵۆزی ئەکات . تاقیکردنەوەی دوورو نزیکی جیابوونەوەکان لەناو ڕیزەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کوردا بەڵگەن بۆ ڕاستیو سەلماندنی ئەم قسەیە .